کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 22:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**باڵەکانم مەوەرێنە ... ئاڤان عەلی**

ڕاستە من لەوێوە
لەنێو ئاسمانێکی سەوزدا
گۆرانییە سپییەکانی خۆم بۆ ئەستێرە دەچڕم.
ڕاستە من لەوێوە
لەنێو شەقامە سپییەکاندا
دڵی سووری خۆم بۆ بارانی هەتاو داگیرساندوە
بەڵام تۆ ئەی ئاسمانی خۆڵەمێشی
لەو ئاسمانەدا
لەو ئاسمانە پانو پۆڕەدا
بە ـ با ـ ی بێڕەحمی باڵەکانم هەڵدەوەرێنی
ڕەنگی سەوزی لێوەکانم هەڵدەوەرێنی
مەمەکانم هەڵدەوەرێنی.
وەرە لەگەڵم لەو ئاسمانەدا
بەنێو قووڵاییدا هەڵفڕین ئەی
قووڵترین جوانیی.

دوسلدۆرف 25. 08. 2006
Avan_ale@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.